# لەگەڵ ڕێزم بۆ د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ

**د. وریا عومەر ئەمین**
**ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی**

لە ژمارە (٢٤٥) ی گۆڤاری (ڕامان)، لە دیمانەیەکی مامۆستا (ئازاد عبدولواحید)دا لەگەڵ پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، لە وەڵامێکیدا دەربارەی ئەکادیمیای کوردی لە ل ٤٧دا، دەفەرمووێ کە گوایە من وتوومە (ئەکادیمیای کوردی بووە بە دەزگایەک بۆ سووککردنی کورد).

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ مامۆستای بەڕێزم د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، ئەم قسەیە هەرگیز لەزاری من دەرنەچووە، زۆر بە پێچەوانەوە من هەمیشە بە توندی وەڵامی ئەو کەسانەم داوەتەوە کە بە بێ ئاگاداری لە ڕاستییەکان ڕەخنەی نەرێنی لە ئەکادیمیا دەگرن.

ئەکادیمیای کوردی لە خزمەتکردنی کورد زیاتر چیی کردووە تا من بڵێم بووە بە دەزگایەک بۆ سووککردنی کورد. کێ ڕۆژێ لە ڕۆژان وشەیەکی نەرێنیی لە من بیستووە دەرحەق بە هەر کەس و دەزگا و لایەنێک؟ من وەک ئەندامێکی کارای ئەکادیمیا ئەگەر ئەمە هەڵوێستم بێ و لە پاشملێ قسەی ناشیرین دەرحەق ئەکادیمیا بکەم ڕێز لە خۆم دەگرم و لێی دەردەچم. چۆن قبووڵی دەکەم ببم بە ئەندام لە ئەکادیمیایەکدا بووبێتە دەزگایەک بۆ سووککردنی کورد؟. د. عیزەددین زۆر باش دەزانێ کە هەست و بیروڕای من بە تەواوی پێچەوانەی ئەمەیە کە فەرموویەتی.

دەستەی سەرۆکایەتی و هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەکادیمیا ئاگادارن و چاک دەزانن هەڵوێست و ڕۆڵی من چییە و چیم پێشکەش بە ئەکادیمیا کردووە.

من لەو بڕوایەدام هەڵەیەک کەوتووەتە ئاراوە، لەوانەیە مەبەستی د. عیزەددین لەمەدا کەسێکی تر بووبێ و پەڕیبێتەوە سەر ناوی من.

داوای لێبووردن دەکەم لە مامۆستای ئازیزم د. عیزەددین بۆ ئەم وەڵامدانەوەیەم.

## د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ
## لە ئەرشیڤی بیرەوەریمدا

پێوەندیم لەگەڵ د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ بۆ نیو سەدەی ڕەبەق دەگەڕێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٧ کە تەقدیمی بەشی کوردیم کرد لە کولێژی زمانان - زانکۆی بەغداد، ئەوسا بەڕێزی لەوێ مامۆستا بوو.

مامۆستایان (عەلائەددین سەجادی و د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی و د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ) لیژنەی موقابەلەی ئەو خوێندکارانە بوون کە تەقدیمی بەشی کوردییان کردبوو. لە موقابەلەکەدا یەکەم کەس پرسیاری

لێ کردم د. عیزەددین بوو. لێی پرسیم هیچ شیعرێکی کوردیت لەبەرە؟ منیش وتم هی کام شاعیر؟ بە سەرسوڕمانەوە وتی: دیارە زۆر شیعرت لەبەرە؟ شیعریکی (گۆران)مان بۆ بلێ. وتم کام شیعری؟ هەموو ئەندامەکان کەوتنە پێکەنین، مامۆستا عەلائەددین سەجادی وتی: ئەمە چییە بۆمان هاتووە!؟ د. عیزەددین وتی ئارەزووی خۆتە. منیش شیعری گوڵی خوێناویم بەتەواوی بۆ وتن.

د. پاکیزە لێی پرسیم چ کتێبێکت لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە خوێندووەتەوە؟ وتم: زۆربەیانم خوێندووەتەوە (ئەوسا ژمارەی کتێبە کوردییەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران.) پرسیی وەک؟ منیش ناوی کتێبەکەی مامۆستا عەلائەددین سەجادی (مێژووی ئەدەبی کوردی) و (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی ڕەفیق حیلمی و (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم) و (ئەنجوومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی بەگ)م هێنا. زۆر پرسیاری تریان لێ پرسیم.

لە کۆتایی موقابەلەکەدا د. پاکیزە کە سەرۆکی بەشەکە بوو وتی من دەتنێرم بۆ خوێندنی دکتۆرا. د. عیزەددین وتی تۆ دەبێ وەرگیرێی و...

هەر لەوساکەوە مامۆستاکان بایەخێکی تایبەتییان بەمن دەدا. وەک هاوڕێیەکی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردم، بە تایبەتی د. عیزەددین بڕوای زانستیی پتەوی بە من هەبوو، تەنانەت دەسنووسەکانی باوکی (صفوت)ی شاعیری بۆ دەهێنام دووبارە بە ڕێنووسی نوێ بیانووسمەوە، لە کتێبەکاندا ئاماژەی بەمە کردووە.

لە ساڵی دووەمدا بووم تووشی کارەساتێکی کوشندە بووم، ئێمەی قوتابیان بە جلوبەرگی کوردییەوە ئاهەنگێکی کوردانەمان بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و شیعرخوێندنەوە دەگێڕا، لەپڕ بەعسییەکان پەلاماریان داین، ئەنجامەکەی ئەوە بوو من بە سەختی بریندار کرام. د. عیزەددین و هاوڕێکانم منیان گەیاندە نەخۆشخانەی فریاگوزاری. د. عیزەددین داوای لە قوتابییەکان کرد زوو فریام کەون بۆ خوێن بەخشین و لەسەر ئەمە سێ ڕۆژ مانی پێ گرتن.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا من بووم بە سەرۆکی بەشی کوردی و بەڕێزی لەوێ مامۆستا بوو. ئەو ساڵانەی پێکەوە کارمانکرد پڕن لە یادگاریی خۆش.

کە بۆ خوێندن چوومە لەندەن د. عیزەددین کە دەهاتە لەندەن، دەهاتە لام. لەو ساڵانەی کە من لە زانکۆی سلێمانی وانەبێژ بووم، زۆر جار لە ماڵی بەڕێزیان دادەبەزیم.

بیرەوەرییە نیو سەدەییەکەم لەگەڵ د. عیزەددین لە خۆشترین و جوانترین لاپەڕەکانی ژیانمن، هەرگیز لە بن نایەن.

پێوەندیی خۆشەویستی و قوتابێتی و هاوڕێتیمان تا ئێستا بەردەوامە، ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر دەبێ... تا ماوم منەتبار و قەرزاری ئەو مرۆڤەم، ئاواتەخوازم تەمەن درێژ و هەمیشە تەندروست بێ.

٢٥ - ١١ - ٢٠١٧